www.kurdistannet.org

22:17 23-11-2005 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam
Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Tel: 020 – 6935915 fax: 0847331167
06-47988634

# یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیــــــــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland “Midia”

وەك ئەرکێکی نیشتمانی خۆمان، بە ناوی لیژنەی سەرپەرشتی هەموو بەشەکانی یانەی کوردی "میدیـــا"وە لە هۆڵەندە و ئەنجومەنی ژنان و گەنجانی "میدیـــا" و کارمەندان و تێکرای ئەندامانەوە بەم پەیامە داوا لە تێکرایی کوردان و هاوڵاتیانی تری عێراقی دانیشتووی هۆڵەندە دەکەین، مافی خۆیان پێشێل نەکەن و ئاگادار بن دەنگ بدەن بە لیستی 730 بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیان:




پەیامی هاوپەیمانی کوردستان
لیستی (730)

# دەنگدان بەلیستی هاوپەیمانی، دەنگدانە بەکوردایەتی

دوای دەیان ساڵ لە خەبات و تێکوشانی گەلەکەمان و بەرەنگاوبوونەوەی سیاسەتە دیکتاتۆری و دژە مرۆییەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس بە سەرکردایەتی هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان کە ئەمڕۆ لە لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا کۆبوونەتەوە و ڕۆڵی سەرەکییان لە لاوازکردن و ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەدا بینی، ئەمڕۆ قۆناغێکی تازەی خەبات لە عیراقدا هاتۆتە دی کە تێیدا سندووقەکانی دەنگدان و بەشداریی خەڵك لە پرۆسە چارەنووسسازە دیموکراتیەکاندا لە عیراق و کوردستان، درێژبوونەوەی هەمان رابردووی پڕ لەسەروەریی گەلەکەمانە.

بەڕێزان..... کوردستانیانی، دەنگدەر لە هەندەنران

ڕۆژی 2005/12/15، هەڵبژاردنێکی دیکەی سەرتاسەریی لە عێراق و 20 وولاتی هەندەنراندا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی دیاریکردنی پەرلەمانێکی تەمەن چوارساڵە بۆ هەموو عیراق، کەیەکێك لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەم پەرلەمانە بریتی دەبێت لە دەرکردنی یاسا بە پێی ئەو دەستورەی کە خەڵکی عیراق بەزۆرینەی دەنگ پەسندیان کرد، جگە لەوەی کە ئەرکێکی تری ئەم پەرلەمانە یەکلاکردنەوەی زۆر لە کێشە هەڵواسراوەکانی کۆمەڵگای عیراقی و کوردستانە، بەو کێشە و گرفتانەشەوە کە بۆ خەڵکی کوردستان چارەنوسسازو و

نەتەوەیی ستراتیژین و هەموو خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناوی بە دیهێنانیاندا بووە، هەربۆیە دەنگدانتان لە رۆژی 2005/12/15 بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، دەنگدانە بەو ئاواتە نەتەوەیی و نیشتیمانیانەی دەیان ساڵە گەلەکەمان لە پێناویاندا خەبات دەکات و قوربانی دەدات، دەنگدانە بە لیستی هێزە شۆڕشگێڕ و تێکوشەرەکانی سەنگەری بەرگری و بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان، بە کورد و تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشووری و سریانەوە، هاوکات وەستانەوەشە لە دژی مەترسییەکانی شوڤێنیزم و تیرۆریستان و هەموو ئەو لایەن و هێز و گروپانەی دژی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان و ئارامیین لە وڵاتەکەماندا.

هەر بۆیە جیا لە وەی بەشداری کردنتان لەم پرۆسە مێژوویی و چارەنووسسازەدا بۆ پاشەڕۆژی خۆتان و نەوەکانتان مافێکی دیموکراسیانەیە، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و شارستانی سەرشانی هەموو هاووڵاتیەکی ئەم کۆمەڵگایەشە، هەروەها بەشداری کردنێکی بەکردەوەشە لە پاراستنی دەسکەوتەکانی ئێستا و دەستەبەرکردنی ئایندەی خەڵك و خاکی کوردستان و گێڕانەوەی کەرکوك و هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی تری کوردستان و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی برا فەیلی و ئێزدی و شەبەك و کاکەییەکان و سەرجەم زیان لێکەوتوانی سیاسەتە دڕندانەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق.

خوشك و برایانی خۆشەویست...

دەنگدانتان بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ژمارە (730)، تەنیا دەنگدان نییە بە رابردوویەکی پڕ لە سەروەری و خوێنی شەهیدانی کوردستان، بەڵکو دەنگدانیشە بە ئایندەیەکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر بۆ رێگرتن لە پلانە دوژمنکارەکانی ناحەزان. بۆیە لە پێناو بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی کە تیایدا یاسا سەروەربێت و دووربێت لە گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوەو برایەتی و ئاشتی لە نێوان گەل و نەتەوە وئایین و ئایینزاکانیدا بەرقەراربێت و مافی وەکیەکی بۆژنان و پیاوان و سەرجەم هاوڵاتیانی عیراقی لە ناوخۆ و لە هەندەراندا بەدیبێت، دەنگ بدە بە:
پارتەکانی ناو لیستی 730 هاوپەیمانیی کوردستان.

1. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
2. پارتی دیموکراتی کوردستان.
3. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
4. حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان.
5. حزبی شیوعی کوردستان.
6. کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان.
7. حزبی برایەتی تورکمان.
8. حزبی یەکێتیی دیموکراتی کلدان.